# پرۆگرامی حزبی رزگاریی كوردستان

## ئارمانجە ستراتیژیەكان :-

١ پێكهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی كوردستان و چەسپاندنی دیموكراسی و دەوڵەتی یاسا و دادپەروەری كۆمەڵایەتی .

٢ بەكارهێنانی سامانی نیشتیمانی بۆ پێشخستنی وڵات و خۆشكردن و بەختەوەركردنی كۆمەڵگە . مسۆگەركردنی ژیانێكی یەكسان و سەربەرزانە بۆ چینی كرێكارو رەنجدەر و هەژارانی كوردستان .

٣ دابینكردنی بیمەی كۆمەڵایەتی و بێكاری . دامەزراندنی سیستەمی سۆسیال لەسەر شێوەی وڵاتانی باكوری ئەوروپا .

٤ مرۆڤ باڵاترین بوونەوەر و گەورەترین سەرمایەی سەرگۆی زەوییە . دەبێ بەرەو داهێنان هانبدرێ و پشتیوانی و كۆمەكی پێبكرێ و ژیانی رۆژانەی مسۆگەر بكرێ و زەمینەی ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ برەخسێندرێت .

٥ جیاكردنەوەی ئایین لە دەوڵەت . ئایین و ئاییتراكان مەسەلەی تایبەتمەندی خودی مرۆڤەكانە و خۆیان لە پەیرەولێكردن و بەڕێوەبردنی رێورەسمەكان ئازادن . مەزهەب و ئایین نابنە ناسنامەی دەوڵەت .

٦ نەتەوەكان لە ئەرك و مافدا یەكسانن . دەبێ یەكسانی و بەرابەری بۆ نەتەوەكانی نێوچوارچێوەی نیشتیمانێك دەستەبەربكرێ و رێگەیان پێبدرێت ئازادانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن .

٧ مافی پەنابەرێتی پارێزراو بێ و مرۆڤ لە هەڵبژاردنی شوێنی كار و نیشتەجێبووندا ئازاد بێت .

٨ پشتیوانی و هاوكاری لە خەباتی گەلانی ژێردەست دەكەین .

## ئارمانجەكانی ئەم قۆتاغە :-

### ئەلیف / لە رووی سیاسییەوە

١ كاركردن بۆ گێڕانەوەی ئەو ئاوارەو راگوێزراوانەی كە رژێمی بەعس بە مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارەكان ئەنجامی دابوو . دەركراوان بۆ شوێنی پێشویان و هاوردەكانیش بۆ ئەو شوێنانەی كە لێیانەوە هاتبوون ,  بگێردرێنەوە .

٢ دەرخستنی سەنگایی و رێژەی نەتەوەكان بەهۆی بەڕێوەبردنی سەرژمێرێكی پاك و بێگەرد .

٣ كاركردن بۆ گێڕانەوەی كەركوك و موسڵ و خانەقین و ناوچە بەعەرەبكراوەكانی دیكە بۆ سەر هەرێمی كوردستانی فیدراڵ

٤ مەرجی مانەوەی باشوری كوردستان لەگەڵ عێراق بە دابینكردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس و جێگیركردنی  ئەو مافە لە دەستووری هەمیشەیی دەبەستینەوەو ئاكامی ئەو ریفراندۆمە پەسند دەكەین كە لەژێر چاودێری نەتەوە یەكگرتووكان  بەڕێوەچووبێت .

٥ دژی تیرۆر و تاوانکاری دەوەستین . لەگەلڕ ئازادی بێقەید و شەرتی سیاسی داین . هەرچەشنە بەرتەسککردنەوەیەکی ئازادی بیروڕا رەتدەکەینەوە .دژی پاوانخوازی و سیاسەتی تاک حزبی رادەوەستین .
٦ دیاریکردن و جێگیرکردنی هەرچی زووتری سنووری باشوری کوردستان .
٧ کەمکردنەوەی رێژەی بەشداربوون لە پارلەمانی کوردستان بۆ **%1** .
٨ کارکردن بۆ یەکخستن و کۆکردنەوەی هێزو توانای سەربەخۆخوازەکانی کوردستان و بە هێزکردنی سەنگەری چەپ و چینایەتی .
٩ یەکسانیکردنی ژن و پیاو . رەتکردنەوەی دانانی رێژەی تایبەت و دیاریکراو بۆ ژن و پیاوان , چونکە واتای هاوێرکردنی رەگەزی نێر و مێ دەگەیەنێت .
١٠ هێنانەخوارەوەی مافی دەنگدان بۆ **16** سالڕ و مافی خۆپالاوتن بۆ **20** سالڕ .
١١ گێڕانەوەی هاوینەهەوار و شوێنە گشتیەکان بۆ حکومەت , بە تایبەت ئەوانەی لە لایەن حزبەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە .

## بێ / لە بواری کۆمەلایەتیدا

١ خێزان شانەیەکی گرنگ و بنچینەیی کۆمەلە , بۆ بەرهەمهێنانی نەوەی پێشکەوتوو دەبێ ئاکارە باشەکانی داب و تەرێتە کۆمەلایەتی و نەتەوەییەکان بپارێزرین و گەشەیان پێبدرێت .
٢ پاراستنی مافی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی یەکسانی و بەرابەری لە نێوان ژن و پیاواندا .
٣ دابین و زامنکردنی ژیانی هەژارو نەداران و پەیداکردنی کار بۆ هەمووان .
٤ باروبووکردنی ئەو لاوانەی کە دەیانەوێ ژیانی خێزانی پێکەوەبنێن .
٥ هێنانەکایەی بیمەی تەندروستی و خێزانی .
٦ بڕینەوەی موچەی تایبەت بۆ کەسانی ژێر **16** سالێ لەلایەن دەولەت و لە ئەستۆ گرتنی ئەرکی خوێندن و بارهێنانیان .
٧ دابینکردنی شوێن بۆ کەسانی بێلانە و بێسەرپەرست . بە تایبەتیش ئەو ژن و زارۆکانەی کە لەژێر هەرەشە و مەترسی دەمیننەوە .
٨ قەدەغە راگەیاندنی کارکردنی مندالان و سزادانی ئەوانەی کار بە مندالان دەکەن .

## جیم / لە بواری خوێندن و رووناکبیریدا

١ سوود وەرگرتن لە بەرنامەی خوێندنی ولاتانی پێشکەوتوو .
٢ گرنگیدان بە زمان و فەرهەنگ و هونەر و وێژە .
٣ پارێزگاریکردن لە فۆلکلۆر و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان .
٤ بە خۆڕاییکردنی خوێندن لە گشت قۆناغەکاندا .
٥ پێدانی قەرزی دەولەتی بەو خوێندارانەی کە دەیانەوێ پەیمانگە یان زانکۆ تەواو بکەن . دابینکردنی بەشی ناوەخۆ بۆ ئەو خوێندکارانەی کە داوای دەکەن .
٦ پیتی لاتینی لە پالڕ پیتی عەرەبی لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێ و بە کاربهێنرێت .
٧ خوێندکارانی نەتەوەکان بە زمانی خۆیان بخوێنن و هاوکاری بکرێن .

٨ بایەخدان بە وەرگێڕان و بەرفراوانکردنی زەمینەی چاپ و بڵاوکردنەوە.
٩ مەرجی تەمەن نەکرێتە کۆسپ لەپێش ئەوانەی کە دەیانەوێ درێژە بە خوێندن بدەن . بە تایبەت ئەوانەی ئارەزووی وەرگرتنی بڕوانامەی ماجستەرو دکتۆرا دەکەن .

## دال / لە بواری ئابووریدا

١ دەوڵەت پشتیوانی لە پڕۆژە تایبەتیەکان دەکات و گرنگی تایبەتیش بە کەرتی گشتی دەدات .
٢ کارکردن بۆ ئاوادانکردنەوەی گوند و دێهاتەکان لەسەر شێوازی هاوچەرخ و دابینکردنی خزمەتگوزاری پێویست , بە تایبەتی ئاو و کارەبا و قوتابخانە و پۆست و پاک و خاوێنی و یاریگەی منالان .
٣ چارەسەرکردنی کێشەی زەوی بە مەرجێ لە بەرژەوەندی جووتیاراندا بێتەوە و زەوی مولکی ئەو کەسە بێت کە بۆ دابینکردنی بژێوی رۆژانەی رەنجی بۆ دەدات .
٤ دانانی باجی سەرەوژوور بۆ دابینکردنی دادیکۆمەلایەتی .
٥ نۆژەنکردنەوەی هاوینەهەوارەکان و بایەخدان بە دارستان و ژینگە و دروستکردنی شوێنی گەشتوگوزاری .
بەشێوازێکی هاوچەرخانە و بە تەکتنەلۆژیای پێشکەوتوو سامانەکانی ژێر زەوی دەربهێنرێن و بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی جەماوەر خەرج بکرێن .
٦ لە کاتی سەرمایەگوزاری بیانیدا دەبێ سوودەکانی گشتی و نەتەوەیی و نیشتیمانی لەبەرچاوگیرابێت و لەبەرژەوەندی گەل و نیشتیماندا بێتەوە .

## ها / مافەکانی ژن لە نێو بنەماڵە و کۆمەڵ دا

١ ژن و پیاو لە پلە و نرخ و ماف دا یەکسانن . موچەی یەکسان لەبەرانبەر کاری یەکسان وەردەگرن .
٢ ئازادی لە هاوسەر هەڵبژاردن و جیابوونەوەدا .
٣ ئەوانەی زۆر لە کچ و ژنان دەکەن و بە نابەدڵی بە شوویان دەدەن , سزا دەدرێن .
٤ قەدەغەبونی هاوسەرێتی بۆ کەسانی ژێر **18** ساڵی و سزادانی ئەوانەی کە کچانی ژێر **18** ساڵی مارەدەبڕن , یاخود لە کاتی بە شوودان و مارەبڕینی کەسانی سەروو **18** ساڵی پرسیان پێناکەن و رایان وەرناگرن .
٥ سزادانی ئەوانەی پێوەندی سێکسی لەگەلڕ کەسانی ژێر **16** ساڵی دەبەستن .
٦ هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانەی کە لەژێر ناوی پاراستنی ناموس و کرینەوەی شەرەف , رەوایەتی بە کوشتن و ئازاردانی ژنان دەدەن .
٧ برینەوەی سزای قورس بۆ ئەوانەی لە ژێر ناوی پاراستنی ناموس , کچ و ژنانی بنەماڵەکانیان دەکوژن و ئازارو ئەشکەنجەیان دەدەن . .
یەکسانبوونی نێر ومێ لە بەشی میرات و دابەشکردنی دارایی .
٨ ژن و پیاو لە هاوسەر هەڵبژاردن و جیابوونەوەدا یەکسانن , هەریەکەیان دەتوانێ بە تەنیا بۆندەی هاوسەرێتی هەڵوەشێنێتەوە .
٩ ژن و پیاو لە مافی سەرپەرشتیکردنی مندالانیان یەکسانن .

١٠ هەڵوەشاندنەوەی مارەیی . ژن و پیاو لە پێکهێنانی خێزان وەک یەک هاوکار دەبن . سزادانی ئەوانەی نەخت وەردەگرن .
١١ قەدەغەکردنی لە بارچوواندنی کۆرپەڵەی سەروو 3 مانگە , ئەگەر بۆ لەباربردنی کۆرپەڵەی ژێر سێ مانگە , ژن و مێرد ئارەزوومەندانە داوایانکرد , دەبێ لە نەخۆشخانەکان و لە ژێر چاوەدێری سستەر و پزیشکی تایبەت بەڕێوەبچێت . ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەنجامدرا , بەڕێوەبەرانی سزا بدرێن .
١٢ قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتنی سێکس . سزادانی ئەوانەی سێکس دەکڕن و دەفرۆشن .
١٣ سزادانی ئەوانەی دەلاڵی بۆ لەشفرۆشان دەکەن و ئەوانەی بازرگانیان پێوە دەکەن .
١٤ بۆ ڕێگرتن و ریشەکێشکردنی فەساد , دەبێ دەوڵەت ژیانی نەدارو هەژاران لە رووی ئابوری و داراییەوە دابین بکات .

# پەیڕەوی ناوەخۆی
# حزبی رزگاریی کوردستان

## مادەی یەکەم :-

حزبی رزگاریی کوردستان , حزبێکی نیشتیمانی دیموکراتی پێشکەوتنخوازە , خەباتی نەتەوایەتی و چینایەتی بەیەکەوە گرێدەدات و لە ژێر رۆشنایی سۆسیالیستی زانستی هەنگاو هەڵدەگرێتەوە , هاوکات پەیڕەوی لە دیموکراسی و سۆسیالیزم دەکات . کۆنگرەی دامەزراندنی لە 26–1981/7/30 بەڕێوەچووە و لە 1993/8/15 دا نۆژەنکراوەتەوە .

## مادەی دووەم :-

حزبی رزگاریی کوردستان لە کەسانی نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخواز پێکدێت کە باوەڕ بە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوەخۆی دەهێنن . سەرچاوە لە بنکەی فراوانی جەماوەری چەوساوانی کوردستان هەڵدەگرێ و دەیەوێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکار و جووتیار و چەوساوانی کوردستان بکات . بۆ گەیشتن بە ئارمانجەکانی سوود لە تواناکانی گەلی کوردستان و ئەزموونی خەباتی گەلانی رزگاریخواز و سەربەخۆخواز وەردەگرێت .

## مادەی سێیەم :-

١ حزبی رزگاریی کوردستان لە رێکخستنی خۆیدا دیموکراسی دەکاتە بنچینە و پەیڕەوی لێدەکات .
٢ دەزگاکان لە بنکەوە تا لووتکە بە هەڵبژاردن دەبن .
٣ هەڵبژاردن بە دەنگی ئامادەبووان بەڕێوەدەچێت .
٤ سەرکردایەتی بە کۆمەڵ دەبێت .
٥ کەمینە پەیڕەو لە بڕیاری زۆرینە دەکات , لە هەمان کاتیشدا مافی پارێزراو دەبێت .
٦ مافی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن پارێزراو دەبێت .
٧ ئەوانەی دەستپێشخەری لە داهێنان و پێشکەوتندا دەکەن , هاوکاری دەکرێن و پشتیان دەگیرێت .
٨ وابەستەبوونی هۆشیارانە لە نێو رێکخستندا پەیرەو دەکرێت .

## مادەی چوارەم : – پەیکەری رێکخستن

### یەکەم : کۆنگرە

١ بەرزترین دەستەڵاتە لە حزب , هەر 3 ساڵ جارێ دەبەسترێ , یاخود لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کاتی ئاوارتەدا پێکدێت .
٢ کۆنگرە لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و نوێنەرانی رێکخستنەکان پێکدێت .
٣ کۆنگرە دەتوانێ بڕیار لە چارەنووسی حزب بدات و پەیڕەو وپڕۆگرام و ناوەکەی دەستکاری بکات .
بڕیار لەسەر ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامە جێگرەکانی دەدات , کە لە نێوان دوو کۆنگرەدا سەرکردایەتی لە ئەستۆ دەگرن .
٤ بە داوا و سکاڵای ئەو ئەندام و کۆمیتانەی حزب کە بێ چارەسەر ماونەتەوە . دەچێتەوە .

### دووەم : کۆنفرانس

١ لە کاتی گۆڕانکاری و رووداوێکی چارەنووسساز و لەسەر 3/2 ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پێکدێت.
٢ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و جێگرەکان و کادیرە پێشکەوتووەکان بەشداری تێدا دەکەن .
٣ هەموو دەستەڵاتێکی کۆنگرەی هەیە , جگە لە ناوگۆڕین وهەڵوەشانەوەی حزب .
٤ دەتوانێ بۆشایی کۆمیتەی ناوەندی پڕ بکاتەوە , ئەگەر پێویستی کرد دەتوانێ ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زیاد بکات .
٥ دەتوانێ بڕیار لە یەکبوون لەگەڵ لایەنێکی دیکەدا بدات .
٦

### سێیەم : کۆمیتەی ناوەندی

١ ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆنگرە هەڵدەبژێرێن , بەڵام کۆنگرە دەستەڵات بە کۆمیتەی ناوەندی دەدات لە کاتی یەکگرتن لەگەڵ لایەنێکی دیکە , چەند ئەندامێکی دیکە بۆخۆی زیاد بکات .
٢ ژمارەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی لە 13 ئەندام و 2 جێگر پێکدێت .
لە نێوان دوو کۆنگرەدا بەرزترین بەرپرسیار و دەستەڵاتە .
٣ لەبەرامبەر جێبەجێکردنی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرە بەرپرسیاری سەرەکییە
٤

## چوارەم : مەکتەبی سیاسی

١ لە کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندیدا ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەڵدەبژێردرێن
٢ لە چوار ئەندام و سکرتێری گشتی پێکدێت
٣ دەستەی کارگێڕی کۆمیتەی ناوەندییە
٤ لەسەر داوای سکرتێری گشتی کۆ دەبێتەوە .
٥ تەواوی نووسراوە رەسمییەکانی (م.س) بە ئیمزای کارگێڕ دەبێت .

## پێنجەم : سکرتێری گشتی

١ کۆنگرە سکرتێری گشتی هەڵدەبژێرێت بە مەرجێ 75% ی دەنگەکانی وەدەستهێنابێت .
٢ سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی دەکات .
٣

## شەشەم : کۆمیتەی پارێزگا

١ لە ناوەندی پارێزگاکان پێکدێت
٢ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوندی دەبێتە بەرپرسیاری
٣ ژمارەی ئەندامانی لە ( 5–7 ) کەس پێکێت .
٤ سەرپەرشتی رێکخستنی شار و شارۆچکەکانی سنووری پارێزگاکان دەکات .

## حەوتەم : کۆمیتەی ناوچە

١ لە قەزا و ناحیە و شارە دێکان دروست دەکرێت .
٢ بە گوێرەی پێویست ئەندامی دەبێت .
٣ سەرپەرشتی رێکخستنەکانی ناوچەکە دەکات .

## هەشتەم : رێکخراو

١ لە (5 –7 ) شانەی سەرەکی پێکدێت
٢ بە گوێرەی پێویست ئەندامی دەبێت
٣ لە گەڕەک و ئۆردوگا و دێهاتەکان دروست دەکرێت.

نۆیەم : شانەی سەرەکی

1–شانەیەکی فراوانەو بە گوێرەی پێویست لە چەند شانەیەکی بنکەیی پێکدێت .
2– سەرپەرشتی شانە بنکەییەکان دەکات و بڕیار و ڕاسپاردەکانی سەروویان پێدەگەیەنێ .

## دەیەم : شانە

1–ڕێکخستنێکی بنکەیی و مندالْدنی حزبە .
2– دۆست و لایەنگر و ئەندام بۆ حزب زیاد دەکات .
٤ بە گوێرەی شوێن ئەندامی دەبێت .

## مادەی پێنجەم

بۆ ڕاپەڕاندنی کاری ڕێکخستن و ڕاگەیاندن و پەیوەندی و چالاکیەکانی حزب , کۆمیتەی ناوەندی ئەم مەکتەبانە پێکدێنێ

## یەکەم : مەکتەبی ڕێکخستن

1–ئەندامێکی (م.س) لێپرسراوی دەبێ .
2–سەرپەرشتی ڕێکخستنی کۆمیتە پارێزگاکان و ڕێکخستنی دەرەوە دەکات .
3–وەلامی ڕاپۆرتی ڕێکخستنەکان دەداتەوە .
4_ رونکردنەوە و بەگشتیکردن بۆ ڕێکخستنەکان دەردەکات .
5_ ڕێکخستنی پیشەیی بۆ خوێندکاران و لاوان و ئافرەتان دروست دەکات
6_ تیپی وەرزش و هونەری دروست دەکات .

## دووەم : مەکتەبی ڕاگەیاندن

١ ئەندامێکی (م.س) لێپرسراوی دەبێت .
٢ سەرپەرشتی ناوەندی ڕاگەیاندن دەکات .
٣ ڕۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوە و نامیلکەی تایبەت چاپ و بلاودەکاتەوە .

## سێیەم : مەکتەبی پێوەندیەکان

١ ئەندامێکي (م.س) بەرپرسیاری دەبێت .
٢ ئەرکی پیوەندی لەگەلڕ لایەنە سیاسی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیەکانی لە ئەستۆ دایە .
٣ لە کاتی پێشهات و ڕووداوەکان ,ڕای لایەنەکانی دیکە وەردەگرێ و ڕامانی حزبیشیان پی ڕادەگەیەنێت .

## چوارەم : مەکتەبی دارایی

١ ئەندامێکی (م.س) لێپرسراوی دەبێت .
هەولْی پەیداکردنی دهات بۆ حزب دەدات .
٢ سەرپەرشتی پرۆژەکانی حزب دەکات .

## مادەی شەشەم : ئەندام و ئەرك و مافەكانی

### یەکەم : ئەندام

١ دەبێ باوەڕی بە پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی حزب هەبێت .
٢ خۆی بە کوردستانی بزانێت .
٣ 16 ساڵی تەواو کردبێت .
٤ فۆرمی ئەندامێتی پڕکردبێتەوە .
٥ ئەرکەکانی سەرشانی جێبەجێ بکات .
٦ ئابوونەی مانگانە بدات .

### دووەم : ئەرکی ئەندام

١ بڕیارەکانی حزب جێبەجێ بکات .
٢ پیوەندی لەگەلڕ جەماوەر خۆش بکات و سیاسەتی حزبیان بۆ شێ بکاتەوە .
٣ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خۆی هەڤاڵانی تێبکۆشێت .
٤ نهێنیەکانی حزب بپارێزی و پارێزگاری لە هەڤاڵانی بکات .
٥ بەبێ رەزامەندی حزب لە ریێکخراوێکی دیکەدا کار نەکات

### سێیەم : مافی ئەندام

١ بەشداری لە خۆپاڵاوتن و هەڵبژاردندا بکات .
٢ بە شێوەیەکی ئسولی رەخنە بگری .
٣ لە کاتی لێپرسینەوەدا پارێزگاری لە خۆی بکات .
٤ لە کاتی پیویست داوای کۆمەک لە حزب بکات .
٥ بە نووسراوێک دەست لە کار بکێشێتەوە .

## مادەی حەوتەم : سزای حزبی

١ پێویستیەکی پەروەردەیی و جلەوگیرییە .
٢ بەمەبەستی بەرزکردنەوەی دیسپلین ئەنجام دەدرێت .
٣ لەو کاتانەدا جێبەجێ دەکرێت
٤ ئەگەر بە ئەنقەست ئەرکەکانی پشت گوێ خستبێت .
٥ ئاژاوەو ناکۆکی لە ریزەکانی حزب دروست کردبێت
٦ دەستەڵاتی خۆی بە خراپ بەکارهێنابێت .
٧ دارایی حزبی بە خراپ دەکارکردبێت .
٨ بە دزییەوە پیوەندی بە لایەنێکی دیکەوە کردبێت .
٩ هەوڵی دروستکردنی دەستەبەندی دابێت .
١٠ سزای حزبی بەم شێوەیە دەبێت .
١١ سەرنج راکێشان .
١٢ سەرکۆنە کردن ( سەرزەنشت ).

١٣ ئاگاداركردنەوە .
١٤ نزمكردنەوەى بەرپرسيارێتى .
١٥ لێسەندنەوەى بەرپرسيارێتى .
١٦ سڕكردن و لە كارخستن .
١٧ دوورخستنەوە .
١٨ دەركردن .

## مادەى هەشتەم : دارايى

دارايى حزب لە مانە پێكدێت :-

١ ئابوونەى ئەندامان .
٢ پيتاك و باروبووى ئەندام و دۆستان .
٣ بوجەى حزب كە حكومەت بڕيارى لەسەر دەدات .
٤ كۆمەك و يارمەتى رێكخراوو لايەنە هاوپەيمان و دۆستەكان .
٥ قازانجى پرۆژەكانى حزب .
٦ هەر سەرچاوەيەكى ديكە كە (ك.ن) بڕيار لەسەر دابێت